# عێراق و ئیسلام

هێنێر فوورتیگ

ڕەحیم بەهرام زادە لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

خاکی عێراق ناوەندێکی گرنگی هەر دوو مەزهەبی سەرەکی ئیسلامە. بەغدا پێتەختی خەڵیفە عەبباسییەکان بوو کە سوونە بوون. یەکێ لەو ناوچانەی شێعە سەرچاوەی لێگرتووە و ناوەندە پیرۆزەکانی ئەم مەزهەبە باشووری عێراقە. گۆڕی عەلی و حسەین لە نەجەف و کەربەلان هی چوار ئیمامی تریش لە سامەڕە و کازمییە. سەدان ساڵ بە عوسمانی بەسترانەوە خێرێکی بۆ عێراق تێدا نەبوو و ئەم ناوچەیە بایەخێکی ئەوتۆی نەدەدرایە. باشوری عێراق گشت کات ناوەندێکی گرنگی شێعەکان بوو و بە شێعە بوونی کۆچەرەکان و ئەوانی لەم ناوچەیە نیشتەجێ دەبوون لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێکی ناڕەزایی دەربڕین و دژایەتی لەتەک " بابی عالی" بوو. تورکەکان کە گشت کات لەتەک فارسەکاندا رکەبەرایەتییان دەکرد و شێعەکانیان بە ستوونی پێنجەمی ئێران دەزانی قەت ئامادە نەبوون پۆستی گرنگی ئیداری وسپایی بەمان بدەن.
بەڵام شەڕی هەوەڵی جیهانی نیشانیدا ئەم بۆچوونەی عوسمانیەکان هەڵە بوو. راستە شێعەکان چەند جوولانەوەیەکیان لە ساڵانی 1915 و 1916 لە نەجەف و کەربەلا دژی عوسمانییان ڕێکخست، بەڵام لە شەڕی هەوەڵی جێهانیدا نە لەگەڵ ئێران کەوتن، نە نزیکایەتییەکی ئەوتۆیان لە بریتانیا کرد. تەنانەت زۆر لە ڕۆحانییە شێعەکان داوایان لە لایەنگرانیان کرد دژی هێرشکەرانی بێئیمان ڕاپەڕن. دژایەتی شێعەکان لەتەک بریتانیا پاش کۆتایی شەڕ و نەمانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی هەر بەردەوام بوو. ساڵی 1919 ئایەتوڵای بەناوبانگ شیرازی لە فتوایەکدا گوتی " تەنیا موسڵمان بۆی هەیە بەسەر موسڵماندا حوکم بکا ". ئەم فتوایە دژایەتی روون لە تەک بریتانیا بوو کە جێگای داگیرکەری تورکی گرتبووەوە.

## a. فاکتەری ئیسلام و بەدیهاتنی عێراقی نوێ

لە 20.4.1920 دا لە سان ڕێمۆ (San Remo) لە کۆبوونەوەی (یەکیەتی نەتەوەکان) ئاشکرا بوو دەوڵەتی نوێی لە سێ ئوستانی موسڵ، بەغداو و بەسرە پێکهاتوو وەبەر بریتانیا دەکەوێ. دانیشتوانی شێعە و سوونەی عێراق لە دژایەتیکردن لەگەڵ دەستەڵاتی بێگانە هاوبیر بوون. لە نێوان جولای و نوامبری 1920 سەرهەڵدانیان دژی بریتانیا دەست پێکرد. لەو تێکهەڵچوونە خوێناوییانەدا نزیکە 10000 عێراقی و 400 سەربازی بریتانیا کوژران. ئەم شەڕە زیانی 40 ملیۆن پاوندیشی لە بریتانا دا. لە ئاکامدا بریتانیا بەباشی زانی ناڕاستەوخۆ بەسەر عێراقدا حوکم بکات. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە ستراتێژییەش فەیسەل کوڕی حوسەینیان کە لە تایفەی هاشمی و سوونە بوو لە ئیتالیا گەڕاندەوە و لەسەر تەختیان دانا. لە 27.8.1921 وە عێراق بوو بە پاشایەتی. بەم کارەش بریتانیا توانی تا رادەیەکی زۆر ئەو سێ بەشەی عێراق پێکەوە بلکێنێ وئێستاش بە کردەوە عێراق هەر لەسەر ئەم سکەیە دەڕوا. بەرلەمە ئەم سێ بەشە پێوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبوو. ئەمانە زۆرتر چاویان لە ئەستەمبوڵ بوو نەک لە یەکتری.
جگە لە زەختی بریتانیا فاکتەرێکی ناوخۆیی ئەمانەی پێکەوە نەدەبەستەوە. بە هۆی جیاوازی ئاینی و ئێتنیکی سەقامگیری لە عێراق زۆر لاوازبوو. ساڵی 1932 یانی ئەوکاتەی عێراق بە رواڵەت سەربەخۆیی وەرگرت ، 54% عێراقییەکان عەرەبی شێعە بوون، 21% عەرەبی سوونە، 14% کوردی سوونە، عەرەبی نەموسڵمان 5% و ئەوانی تریش بە تورکمانی سوونە وگرووپە ئاینی و ئێتنییەکانی دیکەوە، ئاسوڕی مەسیحی و ئەوانی تر6% دانیشتوانی عێراقیان پێکدەهێنا. ئینگلیسییەکان سیاسەتی لە کڵ دەرچووی " دووبەرەکی بنێوە و حکومەت بکە " بەردەوام لە عێراقیش بکارهێنا و دەستەڵاتیان بە کەمینەی سوونە ئەسپارد. کوردەکان کە هەر لەبیری جێبەجی بوونی پەیمانی سیڤەر و وەرگرتنی سەربەخۆییدا بوون هیندە سەری خۆیان بە کێشەی عێراقەوە قاڵ نەدەکرد. کە وابوو سوونەکان بوون بە پەیکانی دەستەڵاتی بریتانیا. سەرۆک عەشیرەی سوونە و توێژی شارنشین، لە بەر قازانجی خۆیان بۆ مانەوەی بریتانیا هەوڵیان ئەدا و پاشا لە وڵاتبیگانەکانیش لەبەروەی حیسابیان لەسەر زۆرینە بۆ نەدەکرا بۆ مانەوەیان لەسەر تەخت هەر نیازیان بە بریتانیا بوو. ئەو نیشتمانپەروەرییەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پڕۆپاگاندایان بۆ دەکرد لەلای زۆرینەی عێراقییەکان بە تایبەت شێعە بایەخێکی نەبوو. بەتایبەت کاتێ ئەمانە مەیدانێکی ئەوتۆیان لە ئیدارەی وڵاتدا پێنەدرا و پۆستی گرنگی ئیداری وسپاییشیان هەر نەبوو. چوونکی خەبات بۆ سەربەخۆیی لە ژێر ئاڵای ناسیۆنالیسمدا دەکرا هەتا رووخانی پاشایەتی (1958) فاکتەری دین زۆر گەورە نەدەکرایەوە.

## b. ئیسلام سیاسی لە ژێر ئاڵای ناسیۆنالیسمدا

ڕۆحانیەتی پایەبەرزی شێعە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونی ساڵی 1920 خۆی لەوە دەپاراست هەڵوێستی سیاسی بگرێ. لەبەر دەرەتانی خوێندن بۆ هەموو کەس ژمارەی ئەوانەی دەرسی دینییان دەخوێند هەر لەکەمی بوو. لە نێوان ساڵانی

1918و 1958 دا ژمارەی ئەوانەی لە نەجف دەیانخوێند لە 6000 ەوە گەیی بە 2000 کەس. هەرچەندە پێوەندی دینی و ئێتنیکی بەهێز بوون، بەڵام قازانجی تاکەکەس و گرووپە چکۆلەکان بەرەوە ئەوە دەچوو جێی ئەمانە بگرێتەوە. ئۆپۆزیسیۆنی رادیکاڵ بە کورد وعەرەب و شێعەوە تەنیا لە ئەندامەتی پارتە ناسیۆنالیست و چەپەکاندا خۆی دەنواند.
پارتە سیاسییەکان ئاوێنەی ئێتنیک و ئایینی عێراق بوون چ لە پارتی بەعس‌دا کە 1950 دامەزرا یان پارتی کۆمۆنیست (1934) زۆرینەی ئەندامان شێعە بوون. سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، حوسەین ئەلرازی کوڕی روحانییەکی پایەبەرزی شێعەی نەجەف بوو و سەیدیش بوو. زۆر مەلای شێعە وازهێنانی لایەنگرەکانیان لە ئایین بە مەترسییەکی گەورە دەزانی. بۆیەش موحەممەد باقرئەلسەدر ساڵی 1958 حیزبی ئەلدەعوەی ئیسلامی بۆ شێعەکان دامەزراند. لە دوو کتێبی سەرەکی خۆیدا (فەلسەفەتونا، 1958) و (ئیقتسادونا، 1959) بناخەی تێئۆری ئیسلامی بۆ پارتەکەی داڕشت، ئەو رێکخراوەی مەبەستی دامەزراندنی سیستەمێکی ئیسلامی بوو. ئایەتوڵای گەورەی ئەوکات موحسین ئەلحەکیم بێ ئەوەی بە راشکاوی خۆ لە سیاسەت وەردا پشتیوانی ناراستەوخۆی لە ئامانجەکانی ئەو پارتە دەکرد. ساڵی 1960 لە فتوایەکدا گوتی دینداران بۆیان نییە ببنە ئەندام پارتی کۆمۆنیست و داواشی کرد پشتیوانی لە ئەلدەعوە بکەن. لەبەر هەلومەرجی سیاسی ئەوکات پارتی ئەلدەعوە ناچار بوو بە نهێنی درێژە بە چالاکی خۆی بدا.
لە نێوەڕاستی ساڵەکانی 60 دا ئایەتوڵا حەسەن ئەلشیرازی و موحەممەد مودەڕیس رێکخراوی مونەزەمات ئەل ئامال ئەل ئیسلامیان لە کەربەلا دامەزراند. پەرەسەندنی هیزی سیکۆلار و ناسیۆنالیستی لە پەنجاکاندا بووە هۆی نگەرانی سوونەکانیش. ساڵی 1951 ئیخوان ئەلموسلمین بە فەرمی دەستی بە چالاکی کرد لە عێراق کرد کە لە دژایەتی لەگەڵ کۆمۆنیسم و ناسیۆنالیسم رۆحانییەتی شێعە وسوننە دا هاوبیر و هاودەنگ بوون. ساڵی 1959 سەرکردەکانی شێعە و سوونە بریاریاندا لایەنگری هەردوو لایەن بۆیان هەیە بچنە رێکخراوی ئاییینەکەی دیکە. واتە شێعە بچێتە ئیخوان ئەلموسلیمین وسوونەش بچێتە ئەلدەعوەوە. ئەمەش بە دەستپێشخەری سەرۆکی ئیخوان ئەلموسلمین موحەممەد مەحمود ئەلسەواف و ئایەتوڵای گەورەی شێعە موحسین ئەلحەکیم هاتە ئاراوە.
ساڵی 1960 ئیخوان ئەلموسلیمین ناوی خۆی گۆڕی و بوو بە پارتی ئیسلامی عێراق. ئەمیش وەک هەموو رێکخراوە ئیسلامیستەکانی دیکە ساڵی 1968 کەوتە بەر غەزەبی پارتی بەعسی دەسەڵاتدار. ناسیۆنالیسم وپان‌عەرەبیسمی پارتی بەعس کورد و رێکخراوە ئیسلامییەکانی کرد بە دوژمن. بەڵام لایەنی گرنگی ئەم دژایەتییە شێعەکانی گرتەوە. دەکرێ بڵێین پارتی بەعس لە رێکخراوێکی شێعەوە بوو بە یەکی سوونە. هەتا 1963 یەکەم کودیتای بەعسی 54% سەرکردەکانی بەعس شێعە بوون. لەم ساڵەوە هەتا 1968 بۆ 6% دابەزی. ئەم بارودۆخە تازەیە پاڵی بە کوردەکانەوە نا زۆرتر بۆمافی نەتەوەیی خۆیان خەبات بکەن و شێعەشی هاندا زۆرتر خۆ لەسیاسەت هەڵقورتێنن.
ساڵی 1970 ئایەتوڵا موحسین ئەلحەکیم مرد. جێنشینەکەی ئایەتوڵا ئەبولقاسم ئەلخۆیی هەوڵی ئەدا وەک ئەوانی پێشتر راستەوخۆ سیاسەت نەکا، بەڵام نائارامی سیاسی بە سەرکردایەتی ئەلحەکیم لە نەجەف، ئەلسەدر لە کوفە و بەغدا و ئەلمودەڕیس لە کەربەلا پەرەیان‌سەند. لە دیسامبری 1974 و فیورییەی 1977 لە تیک‌هەڵچونی لە ناکاوی شێعەکان و هێزەکانی میری لە کاتی عاشورا دا خەڵکێکی زۆر کوژران و جوولانەوەکەش بێ‌بەزەییانە سەرکوت‌کرا.

## c. دیکتاتۆر سەدام حسەین: شێلاق و شیرینی

چەند مانگ بە رلەوەی سەدام حسەین بە فەرمی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق لە ئێران شۆڕشی ئیسلامی سەرکەوت. ئیتر پێوست نەبوو تاران دنەی شێعەکان بدا، ئەمان خۆیان بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆڕشی ئیسلامی ورەیان بەرزببووەوە و دەستیان بە کردەوەی دژی حکومەت و سیمبۆلەکانی دەستەڵات کرد. هەتا ساڵی 1980 چەند هێرشێکیان کردە سەر ناوەندی دەستەڵات و سەرۆکە ناخۆشەویستەکانی بەعس. دوایی ئەوەی 1.4.1980 هێرش کرایە سەر تارق عەزیز وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی عێراق هێزەکانی ئەمنیەتی سەدام حسەین بێ‌بەزییانە شێعەکانیان داپڵۆسی. سەدان چالاکی سیاسی شێعە هاتنە کوشتن. لەنێویاندا دامەزرێنەری پارتی دەعوە مەحەممەد باقر سەدریش رۆژی 13.4.1980 کوژرا. دەیان هەزار شێعەی بە رەچەڵەک ئێرانی و کوردی شێعە (ناسراو بە کوردی فەیلی) بەرەو ئێران راونران. دژایەتی لەگەڵ ئەمانە بەهێرشکردنە سەر ئێران (22.9.1980) بەوپەڕی خۆی گەیی. سەدام ناوی بەرگری لەم شەڕە نابوو.
ساڵی 1982 لە ئێران رێکخراوی " شۆرای بەرزی شۆڕش لە عێراق " دامەزرا. ئەمە سێهەمین پارتی گرنگی شێعە بوو و مەبەستی خرکردنەوەی ئەو دووەی کە لە ژێر ئاڵای خۆیدا و هاوکاری لە تەکیانا بوو، بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی نێوان عێراق وئێران، لە کردەوەدا بوو بە رێکخراوی بنەماڵەی ئەلحەکیم، وەک چۆن ئەلدەعوە هی بنەماڵەی ئەلسەدر وئەمەل رێکخراوی بنەماڵەی ئەلمودەڕیس بوو. لە کاتێکدا زۆرینەی ئەو شێعانەی لە سپای عێراقدا بوون وەک نیشتمانپارێز ئازایانە دژی ئێران شەڕیان دەکرد، کوردە سوونەکان تەواو خۆیان لە ئێران نزیک کردبووەوە. لە ئاکامدا کاتێ شەڕەکە لە تەواوبووندا بوو هێزەکانی عێراقی دەیان هەزار کوردیان کوشت و بێ‌سەروشوێنیان کردن. بەم شێوەیە سەدام تۆڵەی خۆی لە کورد بەو ئۆپەراسیۆنەی بە ئەنفال ناوی دەرکرد، سەندەوە. هەوڵی کوردەکان بۆ خۆڕزگارکردن لە چنگ سەدام دوای تێکشکانی لە شەڕی کوەیت لەبەر بەڵێنی ناڕوونی بەرەی دژی سەدام لە مارسی 1991 دا کارەساتێکی گەورەی دیکە بوو. هەر لەو مانگەدا ئەو بەڵایەش بەسەر شێعەکانی باشور هات. ئەو دروشمەی لەسەر تانکەکانی گاردی سەرەک کۆماری (حەرەس جمهوری) عێراقی نووسرابوون " لەم رۆوە عێراق شێعەی نییە " پرۆگرامێکی سیاسی بوو.

3000 تا 6000 شێعه کوژران و زۆر مەلای شێعەش بەرکەوتن. ئایەتوڵای گەورە ئەلخۆیی لەماڵی خۆیدا دەست بەسەر کرا و هەر لەوێش ساڵی 1992 مرد.
ساڵی 1993 دوای ئەم زەبروزەنگە سەدام بەباشی زانی، لە کارزارێکدا ئیسلامی سوونە بۆ رەوا و شەرعی بوونی رژێمەکەی بەکاربێنێ. هەتا 1997 زانستگایەکی ئایینی بەناوی خۆیەوە دروست کرد و سەد مزگەوت و چەندین ناوەندی فێرکردنی ئایینی دیکەش کرانەوە. بە پێی ئەو ئاگادارییانەی میری 5 میلیۆن قوتابی لەو ناوەندانەدا دەیانخوێند. ئەوەندەی پێویستیش بوو دەوڵەت قورئانی چاپ و بڵاو کردەوە و رادێۆیەکی بە نێوی " قورئانی پیرۆز" دامەزراند. هەروەها مەوعیزە و خوتبەی هەینی " سوونە " ش لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی بڵاو دەکرایەوە. ئاڵای عێراق بە ئەڵاهو ئەکبەڕ رازایەوە و دوازدە مەلایان هێنایە پاڕلمان. ئەو یاسایانەی زۆر لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ناتەبا بوون لابران.
دوای جێبەجێ کردنی ئەم کارانە، سەدام حسەین بەتوندی بەگژ شێعەکاندا چوو. بەر لە هەموو شت بە ویشک کردنی زەلاوەکانی باشور دەرەتانی ژیانی لە دەیان هەزار شێعە بڕی. سەرکردە ئاینییەکانیان ئەگەر باسی سیاسەت یان کردەوەی سیاسییان بکردایە دەگیران و سزادەدران . لە فیورییەی 1999 ئایەتوڵا موحەممەد سادق سەدر ئامۆزای موحەممەد باقر سەدر ودوو کوڕی بەدەست رێکخراوی ئەمنی عێڕاقی هاتنە کوشتن. کوڕی سێهەمی موقتەدا خۆی شاردەوە و دەرباز بوو.
هەتا رووخانی رژێمەکەی (ئاپڕیلی 2003) ، سەدام حسەین ئیسلامی سیاسی لە وڵاتەکەی بنەبڕ کرد. ئیسلام تەنانەت لە روانگەی ئایینەکەشییەوە دەورێکی ئەوتۆی نەبوو. بۆ پازدە میلیۆن شێعەی موسڵمان تەنیا 300 مەلا مابوو. رێبەری ئایینی شێعەکان ئایەتوڵای گەورە سیستانی وەک ئایەتوڵا خۆیی هەر خۆی لە سیاسەت نەدەدا، سەرەڕای ئەوەش بۆی نەبوو مەوعیزە بکا. کاری رێبەری دینی سوونەکان عەبدولکەریم مودەڕیس لە بەغدا هەر ئەوەندە بوو بە موسڵمانان بڵێ کەنگێ رەمەزان دەستپێدکا، یان کۆتایی دێ.

## d. هەڵومەرجی وڵاتەکە پاش رووخانی حزبی بەعس

رووخانی سەدام حسەین و رژێمی بەعس بەهۆی هێزێکی دەروە، سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ عێڕاق. ئەم رووداوە لە زۆر روانگەوە وەبیرهێنەری دامەزرانێ عێڕاقی نوێ لە ساڵانی 21 / 1920 بوو. داگیرکەرانی ئێستاکە لە دابەشکردنی دەستەڵاتدا حیسابیان لەسەر موسوڵمانە سوونەکان نەکرد، بەڵام لە دامەزراندنی عێڕاقی نوێدا تەواو جیاوازی ئایینی و ئێتنیکیان لەبەرچاوە و لەسەر ئەم بنەمایە دەچنە بەرەوە. ئەم سیاسەتە لایەنی ستڕاکتەری و ئیداریش دەگرێتەوە. بەمەش ئەو هەلەیان لە دەست چوو عێڕاقی نوێ و بەهێز کە دەستکردی سەر مێزی زلهێزەکانی ئەوکات بوو، لە زۆر نەخۆشی سووک و منداڵانە رزگار بکەن. تەنانەت ئەم هیزە بەسەر عێڕاقیەکانیدا سەپاند هەر بەم پێوانانە بجۆلێنەوە، جا با بۆچوونی خۆشیان وا نەبێ.
لە سیستەمی نوێی پاش شەڕدا کوردەکان هەوڵیان ئەدا، هەرنەبێ ئەو رادەیە لە سەربەخۆییەی تا ئێستە بەدەستیانەوە بوو و بەرهەمی گەمارۆی ئابووری ئەوکاتی عێڕاق لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی 1991 بەم‌لاوە بوو، بپارێزن. عەرەبە سوونەکانیش هەر هەوڵیان ئەدا لە گەلی دەستەڵاتدارەوە نەبنە کەمینەیەکی بندەست و قوربانی جیاوازی. لە عێڕاقی پاش شەڕدا زۆر پارتی سیاسی لە ژێر ئاڵای دیندا سەریان هەڵدایەوە: پارتی ئیسلامی عێڕاق بە سەرۆکایەتی ئوسامە ئەلتەکریتی، بەرەی نیشتمانپەروەری ئیسلامی عێڕاق بە سەرۆکایەتی شێخ موحەممەد نەدیم، ئەنجومەنی رۆحانیەتی موسوڵمان بە سەرۆکایەتی عەبدل‌سەلام کوبەیسی. ئەمانە هەموو ئێستە ئەرکی سیاسی گەورەیان لەسەر شانە.
شێعەی زۆرینە بەرلەوەی بەشداری لە دەستەلات بە نیشانەی رزگاربوونی بزانێ، رۆژی ئەربەعین بە میلیۆنان خەڵکی ناردە سەر شەقام. ئەمە دەکری وەک جەژنی شێعەکان و رزگارییان لە چنگ سەدام حسەین لێکبدرێتەوە. بەڵام ئەزمون نیشانی دا شێعە بوون بەو مانایە نییە پڕۆگڕامی سیاسی حازروبزرت هەبێ. شێعەکان لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە زۆر پرش‌وبڵاون. سەرۆکـوەزیری کاتی عێڕاق عەللاوی، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی عێڕاق حامید ماجید موسا و تاریق ئەلیاسیری سەرۆکی یەکیەتی نیشتمانیپەروەرانی عێڕاق هەموو شێعەن. با غالیب ئەلڕکابی سەرۆکی رێکخراوی عەشیرەکان، عەبدولکەریم موحەممەد ئەلموحەممەداوی سەرۆکی رێکخراوی بەرگری لە دانیشتوانی ناوچە زەنگاوەکانی عێڕاق (کە وەک حیزبوڵای عێڕاق ناسراوە) لەبیرنە کەین. بەراورد دەکری تەنیا سێ لە یەکی شێعەکان ئایین بە پێوانەی رەفتار و بیرکردنەوەی خۆیان دەزانن. گرنگی لە رادەبەدەری حەوزەی عیلمییەی نەجەف و رۆڵی عەلی سیستانی وەک ئایەتوڵای عوزما زۆر بەرچاون. ناوبراو کە ئەزمونی ژیان لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆڕیدا هەیە، بە راشکاوی گوتوویەتی رۆلی رۆحانییەتی شێعە تەنیا لە راوێژکردن و کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتدا دەبێ، نەک بەشداری راستەوخۆ لە حکومەتدا، بەو شێوەیەی ئێستاکەی ئێران.

## تێبینی وەرگێر

ئەم وتارە لە کتێبی Islam in der Gegenwart(ئیسلام لە کاتی هاوچرخدا) کە Bundeszentrale für politische Bildung (ناوەندی فیدڕال بۆ راهێنانی سیاسی) بڵاوی کردوەتەوە وەرگیراوە. ناوەندەکە لە یەکیەتی دێمۆکڕات مەسیحی (CDU) ئاڵمانیا نزیکە، بەڵام ئەم چەشنە چاپەمەنیانە بۆ پڕۆپاگاندای حیزبی بەکار ناهێنرێن
نووسەری وتار Henner Fürtig مامۆستایە لە زانستگای لایپزیک و خوێندنی زمان و ئەدەبی عەڕەبی ومێژووی هەر لەو شارە تەواو کردووە و لەتەک ناوەندی رۆژهەڵاتناسی ئاڵمان لە هامبورگ هاوکاری دەکا و چەند کتێبی دەربارەی عێراق و ئێران و دنیای عەڕەب و ئیسلامی بە ئینگلیسی و ئاڵمانی نووسیوە

## سەرچاوەکانی نووسەر


*t9. Irak (Hennen Fürtig)*

*Aziz, T M.:* The Islamic political theory of Muhammad Baqir al-Sadr of Iraq, Arm Arbor/ Mich., *1993*.
*Bahjat, S.:* Die politische Entwicklung der Kurden im Irak von *1975* bis *1993* unter besonderer Berücksichtigung von Saddam Husseins Kundenpolitik, Berlin, aooz.
*Batatu, H.:* The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq: a Study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and of its Communists, Ba`thists, and Free Officers, Princeton, *197*[8].
*Buchta, W.:* Schuten, Kreuzlingen/München, *zoo4*.
*Cole, J.:* The United States and Shi`ite Religious Factions in Post-Ba'thist Iraq. In: The Middle Last Journal *S7* (2003, *4) 544-5*[66].
*Gunter, M. M.:* The Kurdish predicament in Iraq. A political analysis, New York, *1999*. *Ibrahim, E:* Konfessionalismus und Politik in der arabischen Welt: Die Schuten im Irak, Münster, *i997*.
*Traq's Shiites under occupation,* International Crisis Group, Amman/Brussels, 2003.
*Jabar; F. A.:* Avatollahs, Sufis and Ideologues: State, religion and social movements in Iraq, London, zooz.
*Kehl-Bodrogi, K.* (Hrsg.): Svncretistic religious communities in the Near Fast, Leiden, *1997*. *Mallat, C.:* The renewal of Islamic law: Muhammad Baqer as-Sadr, Najaf and the Shi`i Interuttional, Cambridge, 1993.

*Muf ti, M.:* Sovereign creations: pan-Arabism and political Order in Syria and Iraq, Ithaca/ London, 1996.
*Nakash,* Y: The Shi`is of Iraq, Princeton, 1994.
*Rahe, J.-U.:* Irakische Schuten im Londoner Exil. Eine Bestandsaufnahme ihrer Organisationen und Untersuchung ihrer Sclbstdarstellung,i99i-i994, Würzburg, 1996.
*Sluglett, P/Farouk-Sluglett, M.:* Der Irak seit 1958. Von der Revolution zur Diktatur, Frankfurt/M., i 99 i.
*Soeterik, R.:* The Islamic Movement ot Iraq (i9S8-i98o), Amsterdam, i99i• *Tripp, C,.:* A Historv of Iraq, Cambridge, 2000. *Wiley, J. N.:* The Islamic movement of Iragi Shi`as, Boulder, r992•

zo. Jordanien *(Renate Dieterich)*

*Dieterich,* R.: To raine one's tongue against His Majesty - Islamist critique and its responsc in Jordan: the Gase of Laith Shubeilat. In: *L. Edzard/C. Szyska* (Hrsg.): Encounters of words and texts, Hildesheim/Zürich/New York, r997, 159-176.
*Engelleder; D.:* Die islamistische Bewegung in Jordanien und Palästina rg45-r949, Wiesbaden, zooz.
*Hourani, H.:* Islamic mm cmcnts in Jordan, Amman, 1997.
*,l9essara,* A.: La regulation etatiquc de la rcligion dass le munde grabe: le cas de la Jordanie. In: Social Compass 40 (1993, Nr. q) 58i-583.
*Robinson,* G.: Can Islamists be democrats % Thc casc of Jordan. In: Middle Fast Journal 5 t (1997) 373-347•
*1~'elchman, L.:* The development of Islamic tamil\ - lagt- in the legal s-stein ot Jordan. In: International and Comparatice LaaV Quarterl~ ;- ( i *,)SS, Teil .}) SO-536*.
*Wiktorozjicz, Q.:* The management of Islamic acti~ism. Salafis, the Muslim Brotherhood, and state power in Jordan, New York, 200 *r*.